# کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتووی کەمپینی "یاسایەکی یەکسان بۆ هەموان"

## لە دژی یاسای شەریعەتی ئیسلامی لە شاری لەندەن!

ئامادەکردنی ڕاپۆرت: هیوا احمد

کەمپینی یاسایەکی یەکسان بۆ هەموان لە دژی هەوڵەکانی حکومەتی بەریتانی و ناوەندە دینیەکانی کەنیسەی ئەنگلیکانی و ریکخراوە و گروپە ئیسلامیە رەسمی و نارەسمیەکانی پارە وەرگر لە حکومەت، بۆ جێبەجێکردن و بەریوەبردنی دادگا و یاسای شەریعەتی ئیسلامی لە پاڵ دادوەری و یاسای رەسمی ووڵاتدا، رۆژی شەممە 21ی نۆڤەمبەری 2009 لە کاتژمێر 12تا 2:30 ی دوانیوەرۆ، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی سەرکەوتووی لە پارکی هایدپارک لە جەرگەی شاری لەندەن سازدا. لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بە بەرزکردنەوەی لافیتەو پلاتکارد لەدژی یاسا دواکەوتوەکانی شەریعەو نایەکسانی ژن و پیاو و راسیزم بەشداریان تیداکرد. هەروەها نزیک بە بیست کەسایەتی سیاسی و مرۆڤدۆست و سکولار و هەڵسوراو لەبواری ژناندا بەشیوەیەکی کورت و رۆشن هەریەکە لە گۆشەیەکەوە قسەیانکرد لەسەر مەترسی و زیانەکانی یاسای شەریعەتی ئیسلامی و راسیزم و گرنگی یاسایەکی سکولار بۆ هەموان و بەهێزکردنی سکولاریزم لە بەریتانیا و هەموو جێگایەکی دنیا. کە پەیامەکانیان لەلایەن ئامادەبوانەوە بە گەرمی و چەپڵەوە پێشوازی لێدەکرا.






لەسەرەتای دەستپێکردنی بەرنامەکانی کۆبوونەوە نارەزایەتیەکە، مەریەم نەمازی بەرپرسی کەمپینی یاسایەکی یەکسان بۆ هەموان لە قسەوباسێکدا ئامانجی کەمپینەکەو ئەو کۆبوونەوە نارەزایەتیە و دەوروکارکردی دواکەوتوو و دژە ئینسانی بە تایبەتیش دژە ژنی یاساکانی شەریعەی ئیسلامی لە ووڵاتانی ئیران و عیراق و ئەفغانستان و سۆماڵ .. کرد. هەروەها باسی ئەوەی کرد کە چۆن بە بیانوی فەرهەنگی نسبی و فرە کەلتورییەوە حکومەتی بەریتانیا و دەوڵەتانی رۆژئاوا لەبەرامبەر هێرشی ئیسلامی سیاسیدا خەریکی سازشکردن و مەرایکردنە بۆ ئیسلامیەکان لەسەر حسابی تاریککردنی ژیانی ملیۆنەها ئینسان و بەتایبەتیش ژنان لەم ووڵاتانەدا. لە بەشێکی تری قسەکانیدا چووە سەر گرنگی و چۆنیەتی رووبەرو بوونەوە لەگەل ئەم هێرشەکۆنەپەرستەی ئیسلامیەکان و حکومەتەکانی رۆژئاوا بۆسەر سکۆلاریزم و مەدەنیەتی خەڵک.

پاشان هەریەک لەم کەسایەتیانەی خوارەوە بەشێوەی جۆراوجۆر قسەیان لەم بارەیەوە کرد:
اسد عباس لەلایەن سازمانی موسڵمانانی پێشوو، شاعری بەناوبانگ لیلیث و سلینا آکا، روی براون لە لایەن یەکێتی نێونەتەوەیی مرۆڤدۆستان، اسماعیل آیناشە لە هەڵسوراوانی ایران سولیداریتی، نوسەر وپرۆفیسۆری  فەلسەفە ای سی گریلینگ ، رهیلا گوپتا، ایوان هریس ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا، هوزان محمود لە رێکخراوی ئازادی ژنانی عیراق، نااومی فیلیپس لە ئەنجومەنی مرۆڤ دۆستانی بەریتانیا، دیوید پولاک لە فیدراسیۆنی مرۆڤ دۆستانی ئەوروپا، تری ساندرسو لە کۆمەڵگای سکۆلارەکان، فریبرز پویا قسەکەری کۆمەڵگای سکۆلاری ئیران، مریال سلتمن هەڵسوراو و لایەنگری مافەکانی مرۆڤ و ئیران سۆلیدارتی، سهیلا شریفی لە دژی رەگەزپەرستی و رێکخراوی لایەنگری مافی ژن لە ئیران، عصام شکری لە رێکخراوی لایەنگری سکۆلاریزم و مافی مرۆڤ لە عیراق، بهار میلانی و ریچارد فرانسیس لە هەڵسوراوانی ئیران سۆلیداریتی و کەمپینی دژی ئیعدامی منالان، پیتر تاچل هەڵسوراو و لایەنگر لە مافەکانی مرۆڤ، کیت پورتسوود لە کۆمەڵگای سکۆلار. هەروەها مۆسیقاژەن فاری بی  وە گۆرانیبێژ دێیڤد فیشەر بە پێشکەشکردنی چەند ئاواز و  گۆرانی بەرنامەکانی کۆبوونەوەکەیان هەرچی زیاتر هەمەجۆر و حەماسی تر کرد.






شایانی باسە کە چەندین دەزگای راگەیاندن لەوانە بی بی سی  بەشی ئینگلیزی وفارسی وە رادیۆ فۆر و گاردیان.. لەوی ئامادەبوون و خەریکی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڵسوراوانی کەمپینەکە و ئامادەکردنی ریپۆرتاژ بوون لەسەر کۆبوونەوە نارەزایەتیەکە.

شایانی باسە حکومەتەکانی رۆژئاوا لە ئاکامی قەیران و بنبەستی ئابوری و سیاسی و حکومەتی وولاتەکانیان، بەمەبەستی هێرشکردنەسەر سکۆلاریزم و مەدەنیەتی خەڵک، وە هەوڵدان بۆ لێسەندنەوەی دەسکەوت و یاسا مەدەنیەکان  لە خەڵک و کۆمەڵگا، لە ژێر بیانوی فەرهەنگی نیسبی و فرە کەلتوری و ئەم تیورە دواکەوتوو پرتوکاوەدا، دەیانەوێ جاریکی تر نەخش وکارکردی دین و یاسا مەزهەبیەکان زیندوبکەنەوە و هەرچی زیاتر بیانخەنەوەگەڕ لە بەرێوەبردنی هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکدا. بۆ ئەم مەبەستەش سازش لەبەرامبەر هێرشی ئیسلامی سیاسی و هەوڵەکانیان بۆ داسەپاندنی یاسا دواکەوتوەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا باشترین وەسیلەو بیانووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دژ بە سکۆلاریزم لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا.

چەند ساڵ لەمەوبەر حکومەتی کەنەدی لەسەر داوای گروپە ئیسلامیەکانی ناو کەنەدا بریاریدا کە دەتوانرێت یاسای شەریعەی ئیسلامی لەپاڵ یاسای وولاتدا لە بواری دادوەری و باری کەسێتی و خێزانداریدا لە لایەن ئەوانەی خۆیان بە موسڵمان دەزانن بەکاربهێنریت. ئەم

بریاره نارەزایەتیەکی توندی ڵیکەوتەوە و بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی لە ژیر ناوی دژی دادگا ئیسلامیەکان بە لێپرسراوێتی هوما ئەرجومەند پەرەیگرت و نارەزایەتیەکان درێژەیپێدرا تا حکومەتی کەنەدی ناچارکرا کە ئەوبریارە دواکەوتوو و دژی مرۆڤایەتیە هەڵبوەشێنێتەوە.

لەهەنگاوێکی تری هاوشێوەدا حکومەتی بەریتانی و ئیسلامیەکان بەهەمانشیوە لەهەوڵی سەپاندنی یاسای شەریعەن لە وولاتی بەریتانیا. تا ئێستا چەندینجار ریکخراو و ناوەندە بەناو دینی و کەلتوریە ئیسلامیەکانی بەریتانیا کە بە هەزارو یەک سەرەداو بەستراونەتەوە بە ئیسلامیەکانی پاکستان و ئەفغانستان و سعودیە .. و سالانە سەدها هەزار پاوەند فەند لە حکومەتی بەریتانی وەردەگرن، داوایان کردوە کە یاسای شەریعە جێبەجێبکریت لە بەریتانیا. هەروەها هاوینی سالێ 2008 سەرۆکی کەنیسەی ئەنگلیکانی بەریتانیا رووناکی سەوزی هەڵکردو رایگەیاند کە پێویستە یاسای شەریعە جێبەجێبکریت لە بەریتانیادا. ئەم قسانەی سەرۆکی کەنیسەی ئەنگلیکانی نارەزایەتییەکی توند و گەورەی لیکەوتەوە لەسەراسەری بەریتانیا و بوو بەمەسەلەیەکی گرنگ وحەساسی ناوخەڵک و میدیا و ناوەندە سیاسیەکان، کە بەم هۆیەوە ناچارکرا لە قسەکانی پاشگەزبکریتەوە.

بەمەبەستی نارەزایەتی دەربرین و بەرگرتن بەجیبەجیکردنی ئەو سیاسەت و هەوڵانەی حکومەت و کەنیسەی ئەنگلیکانی و ئیسلامیەکان بۆ جیبەجێکردنی یاسای شەریعە، بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی لە ژیر ناوی " یاسایەکی یەکسان بۆ هەموان" بە لیپرسراوێتی مەریەم نەمازی پەرەی گرت و لە 10 دیسەمبەری 2008 دا ئەم کەمپینە راگەیەنرا و دەستی بە هەڵسورانی خۆی کرد و تا ئیستا چەندین چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە لە بەرتیانا و وولاتانی تر. هەروەها بریارنامەی ئەم کەمپینە دژ بە یاسای شەریعە لە لایەن بیست هەزار کەسەوە ئیمزا کراوە و هەڵسوراوانی ئەم کەمپینە دەیەها کەسایەتی سایسی و مەدەنی و سکولار و ئاتەئیست و مرۆڤدۆست و لایەنگر لەمافەکانی ژنانی لە خۆگرتوە.

onelawforall@gmail.com

**www.onelawforall.org.uk**
00447719166731